## هونەرمەندان:

# سەرکەوتن بۆ گەلی کوردستان و پێشمەرگەیە

**دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئوکتۆبەر جۆرێک لە نائومێدی لای گەلی کوردستان دروست بوو، بەڵام هەر زوو پێشمەرگە قارەمانەکان ئومێدیان گەڕاندەوە بۆ هەموو لایەک، هونەرمەندان بەم شێوەیە باس لەو هیرشە دڕندانەی دوژمنان دەکەن.**



برادەر:

## سەرکەوتن بۆ میللەتی کورد و پێشمەرگە قارەمانەکانە

دوای سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆمی گەلی کوردستان ترسێکی گەورە کەوتە دڵی دوژمنەکانمان، بەداخەوە دۆستەکانیشمان پشتیان تێکردین، ئەمڕۆ کوردستان کەوتە بەر هێرش و پیلانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبیی تیرۆریست بە بەشداری چەند وڵاتێکی دراوسێ لە شاری کەرکوک، پیشمەرگەی قارەمانیش بۆ خۆدوورخستن لە شەڕی براکوژی دوورەپەرێز بوو، بەڵی با باش بزانن وەک نەبەردییەکەی (پردێ)ی زێڕین کە داستانێکی بێ وێنە تۆمار کرا، ئەگەر هەوڵ بدەن زیاتر بێنە پێش خراپتریان بەسەردەهێنرێ و دای ئەوەی پێشمەرگە هێزەکانی خۆی کۆکردەوە ڕێگا نادەن یەک هەنگاوی تریش بێنە پێشەوە و ناهێڵن بێنە نێو خاکی کوردستان، سەرکەوتن بۆ میللەتی کورد و پێشمەرگە قارەمانەکانە بەرەو سەربەخۆیی کوردستان



ئالین:

## سەرکەوتنی گەورە نزیکە

خەبات و تێکۆشانی رزگاریخوازی وڵاتان پرسێکی چارەنووسسازە، لە مێژووی دوور و نزیکی گەلەکەماندا زۆر جار میللەتەکەمان ڕووبەڕووی پیلانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆتەوە کە مەبەستیان لە ناوبردنی خەونەکانی میللەتەکەمان بووە، لە ئەنجامی خەباتی نەپساوەی میللەتەکەمان دەستکەوتی زۆر بە دەستهاتوون کە گەیشتۆتە پێکهێنانی دەوڵەت وەك مەملەکەتی کوردستان بە سەرکردایەتی شێخ مەحمودی حەفید و کۆماری مهاباد بە رابەرایەتی قازی محەمەد و ڕێکەوتننامە مێژوویەکەی یازدەی ئادار، لە هەمان کاتدا زۆر جار تووشی نەهامەتی و کارەساتی جەرگبڕ بووینەتەوە، بۆیە من وەك هونەرمەندێکی کوردستانی ئەم داخوازییەم لە گەلی کوردستان هەیە:

١- ئەم جەنگە جەنگی پارتێکی سیاسی یان خانەوادە و کەسێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو ئەمە جەنگی مانەوەی گەلی کورد و چارەنووس و سەربەخۆیی کوردستانە.

٢- ئەمڕۆ رۆژی یەکێتی و پشتگیری کردنە لە پێشمەرگە و سەرۆك بارزانی.

٣- لەو رۆژگارە ناخۆش و پڕ کارەساتەدا هەروەك چۆن دوژمنانمان دژی ئێمە یەکیان گرتووە، پێویستە ئێمەش پەندیان لێ وەربگرین و بەرامبەر دوژمنانمان ببین بە یەك و ناکۆکییە سیاسی و فکری و حزبی و کەسییەکانمان بە لاوە بنێین و خۆمان بۆ بەرخودانێکی گەورەتر ئامادە بکەین.

٤- پێویستە گەلەکەمان خاوەن ئیرادە و ئارامییەکی درێژ بێت.

٥- هەروەك چۆن ئێمە ئامادەین بۆ شەڕ و بەرگری بە هەمان شێوە پێویستە بۆ جەنگی دیبلۆماسی و راگەیاندن لەسەر ئاستی جیهان ئامادە بین و دبلۆماسییەتمان پتەوتر بکەین.

٦- داوا لە میدیای کوردی بە گشتی دەکەم و پێیان دەڵێم پێویستە هەموو کارەکانتان بەرامبەر بە دوژمن و نەیارانی کوردستان بێت و چیتر دژی یەکتر مەوەستنەوە.

٧- بە هەمان شێوە داوا لە کوردانی تاراوگە دەکەن کە ئەوانیش زیاتر لە هەموو کاتێك زیاتر یەکگرتوو بن و هەموو هەوڵەکانیان بخەنە بۆ سەرخستنی میللەتەکەمان و دژی پیلانی دوژمن و ناحەزان بوەستنەوە.

ئەمڕۆ رۆژی یەکێتی میللەتی کورد و رۆژی سەلماندنی هەبوونی ئێمەیە وەك نەتەوە، ئەو رۆژەیە کە ئێمە دۆست و دوژمنانی خۆمان بناسین و خۆمان ئامادە بکەین بۆ پاراستنی گەلی کورد.

پێویستە ئەوە بزانین کە پێشمەرگە قارەمانەکانمان و میللەتی کورد هەر سەردەکەوێت و دڵنیا بن سەرکەوتنی گەورە نزیکە و بەڕێوەیە.





نارین فەقە:

## دڵنیام ئەم قۆناغە سەختە تێدەپەڕێت و سەرکەوتوو دەبین


دیروکا دێرینە گەوهەر و زێڕینە دایێ وەڵات، زمان و ئالاێی مە گەلەك شرینە، ڤان دوژمنان هندە چێکرن بەربەندە ل جەم تە هەر ما پڕ ڤیان و ژینە، ئەو کەسانەی کە کەرکوکیان فرۆشت هێشتا خوێنی مام جەلال وشك نەبووە و چل رۆژی تەواو نەکردووە، گەورەترین خیانەتیان لە مێژووی کورددا ئەنجامدا بەرامبەر بە ٥٠ ملیۆن کورد، من وەك پارێزەرێك کە چەندین ساڵە لە بواری مافی مرۆڤدا خوێندوومە و کاری زۆرم لەو بوارە کردووە، هیوادارم رۆژێك بێ هەروەك چۆن سەدام لە دادگا سزا درا، ئەم دوژمنان سزای خۆیان وەربگرن. میللەتەکەمان کۆچی پێکراو و لەسەر خاکی خۆی دەربەدەر کرا، ئێستا دەکوژرێت و دەستدرێژی دەکرێتە سەر ژنانی کورد، ئەمانەش هەموویان بەپێی پرەنسیپەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بە تاوان دادەنرێت دەرهەق بە مرۆڤایەتی، هیوادارم هەموومان یەك دەست ئەم قۆناغە ئاڵۆزە تێبپەڕێنین و دڵنیام تێیدا سەردەکەوین، بژی میللەتی کورد، بژی کوردستان.

بەهار حەسکۆ:

## نامانەوێ لەگەڵ دوژمنانی بێ ویژدان بژیین

ئێمەی کورد ئاشتیخواز و مرۆڤخوازین، بەڵام نامانەوێ لە جوگرافیایەکی ئاشتیخوازدا بژین لە نێو چەندین گەل کە لە رەوشت و ویژدان و مرۆڤایەتی داماڵدراون کە ئەمەش تەنیا شایەنی سیستمە دیکتاتۆرییە داگیرکارە چەوسێنەرەکانە.

کورد لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی دنیا بەستراوەتەوە بە خاک و نەتەوەکەی، چونکە خاوەن بەها و ماف و کێشەیەکی رەوایە، من یەکێکم لەو کەسانەی کە ئامادەم رۆح و گیانی خۆم بکەمە قوربانی لە پێناو کوردستان و ناوی کوردستان و سەروەری و سەربەخۆیی کوردستان بژی پێشمەرگە و شەرڤان و هەر کوردێکی دڵسۆز، مردن و سەرشۆڕی بۆخائین و خاکفرۆشان بەرخودان ژیانە، کەرکوک دڵی کوردستانە، هەر بژی کوردستان



# رانی موخرجی دوو دڵە لە نێوان هونەر و دایکایەتی

هە میشە یەکێك لەو گرفتانەی رووبەڕووی ئافرەتە هونەرمەندەکان دەبێتەوە ئەوەیە کە کاتێك بیر لە ژیانی هاوسەری دەکەنەوە دووچاری ئاستەنگی دەبنەوە و دەبێتە کارێکی سەخت لە بەردەمیان و کاتێك ژیانی هاوسەریش پێکدەهێنن دیسان دووچاری گرفتێکی دیکە دەبنەوە کە رەنگە ببێتە ئاستەنگ بۆ بەردەوام بوونیان لە کاری هونەری.


رانی موخرجی یەکێکە لەو ئەکتەرانەی بۆلیۆد کە ئێستا رووبەڕووی گرفتێکی گەورە بۆتەوە بۆ بەردەوام بوونی لە کاری هونەری ئەویش دایکایەتییە و ئێستا دوو دڵە لەوەی لە نێوان بەردەوام بوون لە کاری هونەری و دایکایەتی کامیان هەڵبژێرێت لە هەمان کاتدا بیر لەوە دەکات چۆن بتوانێت گونجانێك درووست بکات لەنێوان دایکایەتی و کاری هونەری، چونکە بەم دواییە رانی بووە دایك و وازی لە کاری خۆی هێنا و کاتی خۆی بۆ پەروەردە کردنی تەرخان کرد، بەڵام دەستی بە کاری هونەریش کردۆتەوە و سەرقاڵی چەند کارێکی هونەرییە.

لە میانەی دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا رانی موخرجی وتی: کچەکەم فێری زۆر شتی کردم دەربارەی دایکایەتی و هەستم کرد کە من تەنیا دەبێ دایك بم، بەڵام ئێستا هەست دەکەم پێویستم بەوەیە دووبارە بگەڕێمەوە سەر کاری هونەری، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە.



# جنیڤەر نهێنییەکی ئاشکرا کرد

خانمە ئەکتەری ناسراوی ئەمریکی جنیڤەر لۆرانس لە لێدوانێکی سەیردا رایگەیاند کە بەرهەمهێنەر سینەماییەکان لەسەرەتای هاتنە نێو بواری نواندنەوە ناچاریان کردووە کە خۆی رووت بکاتەوە و کێشی لەشیشی زۆر دابەزێنێت، ئەو کات هەستم بەوە کرد کە ئیرادەم دزراوە.
جنیڤەر ئەوەشی روون کردەوە کە دوای ئەوەی سەرکەوتوو بوو لە کاری هونەری و بوو بە ئەکتەرێکی ناسراو لە زۆر لاوە پارێزرا و بەتایبەتی لەو جۆر پێشێلکاری و دەستدرێژیانە، هەروەها لە ژیانی ئەکادیمیدا شارەزایی زیاتری پەیدا کرد بۆیە من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ هەموو ئەو کچ و ئافرەت و کوڕ و پیاوانەی دووچاری ئەم جۆرە دەستدرێژییانە دەبنەوە و هەست بەوە دەکەن کە ناتوانن خۆیان بپارێزن.
جنیڤەر کە لە ساڵی ٢٠١٣ خەڵاتی ئۆسکاری بەدەستهێنان دەڵێ: لە سەرەتای ئەزموونی هونەریم دوای ئەوەی لەگەڵ چەند کچێکیان دانام کە کێشیان کەمتر بوو لە من، ئافرەتێکی بەرهەمهێنەری سینەمایی داوای لێکردم کە بە رووتی بوەستم لە کاتی ئەنجامدانی تێست بۆ هەڵبژاردنی ئەکتەرێك لە یەکێك لە فیلمەکان، ئەم ئەزموونەش بۆ من مایەی ئیهانە و سەرشۆڕییەکی زۆر بوو و هەمیشە لە خەیاڵمدا دەمینێتەوە.
لۆرانس هەروەها دەڵێ: لە یەکەم دەرکەوتنم بەرهەمهێنەر داوای لێکردم کە پێویستە نزیکەی ١٠ کیلۆگرام لە کێشم دابەزێنم لە ماوەی دوو هەفتەدا و سەرکەوتوو بووم و کارەکەشم ئەنجامدا و پێش من کچێکی دیکە دەستنیشان کرابوو، بەڵام نەیتوانی لەو ماوەیەدا کێشی وەکو پێویست دابەزێنێت.



# جورج کلۆنی تۆمەتبار دەکرێت

بەشێك لە ئەستێرە ئافرەتەکانی هۆلیۆد بەرهەمهێنەری ناسراو هارڤی وینستیان بە دەستدرێژی سێکسی تاوانباری دەکەن، بەڵام ئێستا کێشەکە لەوە زیاتر بەرفراوانتر بووە و کاریگەریی لەسەر بەشێکی زۆری ئەستێرە ناسراوەکان هەیە تەنانەت هەندێکیان ترسی ئەوەیان هەیە دووچاری هەمان تۆمەت ببنەوە.
ئێستا باس لە ئەستێرەی ناسراوی ئەمریکی جۆرج کلۆنی دەکرێت دوای ئەوەی ئەستێرەی ئەمریکی ڤانیسا مارکیز بەم دواییە بە درۆ و بەشداری کردن لە دەستدرێژی کردنە سەری و کۆتایی هێنان بە کاروانە هونەرییەکەی بهێنن، مارکیز کە لەگەڵ کلۆنی بەشداری لە زنجیرە (ئای ئار)دا بەشداری کردووە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاوی کردووە: کلۆنی بەشداری بەشداری کرد لەوەی کە من لە لیستی رەش دابنێن بەتایبەتی دوای ئەوەی کە سکاڵام کرد دژی ئەو دەستدرێژییەی کە کاتی وێنەگرتنی دیمەنەکانی زنجیرەکە رووبەرووی بوومەوە، چونکە ئەو ئافرەتانەی ملکەچی هەندێك کەس نابن کارەکانی خۆیان دەدۆڕێنن و منیش یەکێکم لەوانە کە دووچاری ئەو حاڵەتە بوومەتەوە.
مارکیز زیاتر وتی:من دووچاری دەستدرێژی سێکسی دەبوومەوە لەلایەن ئەکتەر ئەریك لاسال و یەکێك لە وێنەگران، بەڵام پێویستە هەموو لایەك راستی جۆرج کلۆیش بزانن.
لەلایەن خۆیەوە کلۆنی هەر دوای بیستنی هەواڵەکە رەتی کردەوە و وتی: من نەمدەزانی ڤانیسا لە نێو لیستی رەشە و بڕوام بە تەواوی قسەکانی هەی، بەلام من دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری زنجیرەکە نەبووم و هیچ کاریگەریشم لەسەر تیمی کاری زنجیرەکە نەبووە، منیش تەنیا ئەکتەرێك بووم وپێدەچێت دەربارەی من درۆیان لەگەڵی کردبێت.

# بە یەکڕیزیمان بەسەر دوژمناندا سەردەکەوین

شڤان پەروەر



گەلی قارەمان و خەباتگێڕی کوردستان بانگەوازی من بۆ هەمووتان، هەموو حزب و لایەن و هێز و بزووتنەوە کوردستانییەکانە، ئەمڕۆ رۆژێکی سەختە لە مێژووی گەلەکەمان، رۆژێکە کە بۆ هەموو لایەکمانە، نەك رۆژی حزب و لایەن و پرسەکە پرسی هەموو گەلی کوردستانە. دوژمنانمان لە سەرتاسەری جیهان پڕوپاگەندە دژی ئێمە دەکەن، دەوڵەتان دژی ئێمە پەیوەندییەکانیان بەهێزتر و پتەوتر کردووە لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە، بۆیە میللەتان دەکەنە قوربانی، هەر دوێنێ بوو کاتێك ئێمە بە نوێنەرایەتی جیهانی ئازاد شەڕی تیرۆریستانمان کرد و تێکمان شکاندن، پەیوەندییان لەگەڵ ئێمە بەهێز بوو، گوتیان کورد میللەتێکی قارەمانە، بەڵام کاتێك لەو قۆناغە گوزەرمان کرد و هاتینە سەر مەسەلەی نەتەوەیی کورد و پرسی سەربەخۆیی، ئەوانەی تا دوێنێ دوژمن و نەیاری یەکتر بوون، بوون بە دۆستی یەکتر و لە دژی ئێمە یەکیان گرت و دوژمنایەتییان کردین، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، بە ئاشکرا دیارە هەمیشە دوژمنانمان هەوڵیان داوە کورد دژی یەکتر بوەستنەوە، هەر بۆیە وەستانی کورد دژی



یەکتری هەمیشە هۆکارێک بووە بۆ شکاندنی پشتی کورد و ڕێگر بووە لەبەردەم سەرکەوتنی کورد و بەدیهاتنی سەربەخۆیی و ئازادی، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بووە کە کوردستان بەم شێوەیەی ئێستا پارچە پارچە بووە. ئەگەر سەیری هەر پارچەیەکی کوردستان بکەین، دەبینین لە هەر هەموویان ئەو ئازار و نەهامەتییە هەیە و میللەتی کورد ئەو ئازار و زەحمەتییەی چەشتووە، ئێمە کە ئێستا گەیشتووینەتە سەدەی بیست و یەک کە سەدەی ئازادییە و چەندین میللەت هەن کە ژمارەیان لە سەد و دوو سەد هەزار کەس کەمترییشە، کەچی بوونەتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڵام ئێمەی کورد کە ژمارەمان لە پەنجا ملیۆنیش زیاترە، کەچی دوژمنانمان نەک دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڵکو فیدراڵی و ئۆتۆنۆمیشمان پێ ڕەوا نابینن و ڕێگان نادەن خاوەن ئۆتۆنۆمیش بین، بۆیە دەڵێم هەر میللەتێک ئەگەر ڕێز لە یەکتر نەگرێت و قەدری یەکتر نەگرێت و یەکگرتوو نەبێت، بێگومان سەرناکەوێت. کەواتە ئەمڕۆ ڕۆژی ئێمەیە و دەبێت یەکگرتوو بین، چ حزب و لایەنی سیاسی، یان کۆمەڵە و بزووتنەوەی سیاسی هیچ جیاوازییەکیان نییە، ئەگەر ئێوە لە خەمی دواڕۆژی نەوەکانماندا بن، دڵسۆز بن بەرامبەر بە سەرکەوتنی میللەتەکەمان و بیر لە ئازادی و سەربەخۆیی میللەت و وڵاتمان دەکەنەوە، ئەگەر لە کوردستانی بەهەشت کە مێژووی مرۆڤایەتی و شارستانیەتی نەتەوەکانی دنیای دروست کردووە، بڕوانن و بیر لە سەرکەوتنی بکەنەوە، ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە دەستی یەکتر بگرن، بڕۆن لە بەردەم دەرگای کونسوڵخانە و باڵیۆزخانەکانی جیهان و داوای مافی گەلی کورد بکەن. بڕۆن لێیان بپرسن و پێیان بڵێن: ئێمە میللەتێکی پەنجا ملیۆن کەسین، بۆچی مافمان نییە؟ بۆچی ناوی ئێمەش وەک کورد ناچێتە نێو پەرتووکەکانی یەکێتی نەتەوەکانی جیهان ؟ بۆچی ئەمریکا و ئەوروپا وامان لێدەکەن. هۆکاری چییە وا پشتیان لە ئێمە کردووە؟ بۆیە پێویستە پێش هەموو شتێک کورد دەستی یەکتر بگرن.

من دەیان ساڵە ئەم تەمبورە دەژەنم، لەگەڵی گریاوم و شاد بووم، ئەمە هونەر و دەنگی کوردستانە، کوردستان بەو شێوەیە دەنگی خۆشە، ئەگەر کوردستان لە دەست میللەتی خۆی بێت، بەهەشتی دنیایە، بۆیە نامانەوێ کوردستان و دواڕۆژی نەوەکانمان، ئەو دەنگ و میللەتە خۆشەویستە ون بکەین، لە هەموو دنیا بە شێوەیەکی ئاشتییانە و شارستانییانە داوای مافی خۆتان بکەن و پێیان بڵێن شوورەییە بۆ ئێوە، هۆکار چییە دەمانفرۆشن؟ ئەو مافەتان نییە ئەو کارە بکەن، بەڵام پێویستە بەر لە هەر شتێک یەکگرتوو بین، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشوور هیچ جیاوازییەکیان نییە، کاتێک میللەتی کورد داوای مافی خۆی دەکات، جیاوازی نییە، لەبەر ئەوە لە عەفرینەوە بگرە تا قامیشلۆ و سەرێ کانی و جزیرێ تا دهۆک و هەولێر و کەرکوک و سلێمانی تا کرماشان و سنە و مەهاباد، تا دەگاتە وان و قەرس و سێواس و ئامەد یەکدەست و یەکدەنگ بن لە سەرتاسەری دنیا لۆبی دروست بکەن، تاکو پەیوەندیمان لەگەڵ نەتەوەکانی دنیا هەبێت و میللەتان لە کێشەی ئێمە تێبگەن و بزانن لە وڵاتی ئێمە چی ڕوودەدات و دوژمنانمان چیمان بەسەر دەهێنن. دەبێت هەموومان بە یەک دەنگ بڵێین: بژی کوردستان، ئێمە خۆڕاگرین و کۆڵ نادەین، هەرچی ڕوودەدات با روو بدات، ئەگەر نیوەی کوردیش خۆی بکاتە قوربانی، ئێمە ڕاناوەستین، تا مافەکانی گەلی کوردستان بەدەست دەهێنین و کوردستان بە سەربەخۆیی دەگەیەنین.